# کاتێک ڕۆژی جەنگی بەدر بوو پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەیری موشریکەکانی کرد؛ هەزار کەس بوون، وهاوەڵانی سێ سەد ونۆزدە پیاو بوون

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: لە ڕۆژی (جەنگی) بەدردا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەیری موشریکەکانی کرد، هەزار کەس دەبوون، وهاوەڵانی سێ ونۆزدە پیاو بوون، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی کرد لە ئاراستەی قیبلە، ودەستی درێژ کردەوە (بۆ نزا کردن)، دەستیکرد بە پاڕانەوە لە پەروەردگاری: «(اللهمَّ أَنْجِزْ لي ما وعدْتَني، اللهم آتِ ما وعدْتَني، اللهمَّ إنْ تَهْلِكْ هذه العِصابةُ من أهْل الإسلام لا تُعْبَد في الأرض)*»، بەردەوام دەپاڕایەوە لە پەروەردگاری، دەستی درێژ کردبووەوە وڕووی لە قیبلە بوو، هەتاوەکو جلەکەی (چارۆکەکەی یان بشتەکەی) لەسەر شانەکانی کەوتن، ئەبوبەکر هات وچارۆکەکەی هەڵگرت، وخستیە سەر شانی ولە پشتیەوە باوەشی پێدا کرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، زۆر پاڕایتەوە لە پەروەردگارت، ئەوەی پەیمانی پێداویت؛ بۆت جێبەجێ دەکات، خوای گەورە (ئەم ئایەتەی) دابەزاند: {إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ فَٱسْتَجَابَ لَكُمْ أَنِّى مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ مُرْدِفِينَ} [الأنفال: 9] واتە:{(بیربکەنەوە) کاتێک (لە بەدردا) هاناتان بۆ پەروەردگارتان دەبرد خواش هات بە هاناتانەوە ووتی من دەینێرم بۆ یارمەتیان هەزار فریشتە بە دوای یەکدا (دێنە خوارێ)}، خوای گەورە یارمەتیدا بە ناردنی فریشتەکان، ئەبو زومەیل دەڵێت: ئیبن عەباس پێمی ووت: لەو ڕۆژەدا، کاتێک پیاوێک لە مسوڵمان شوێنی موشریکێک دەکەوت کە لە پێشیەوە ڕای دەکرد، دەنگی لێدانی قامچیەکی بیست لە سەرەوە ودەنگی سوارچاکێک، دەیووت: بەرەو پێشەوە، حەیزوم، سەیری موشریکەکەی کرد لە پێشیەوە کەوتبوو، سەیری کرد لووتی شکێنراوە. ودەموچاوی لەتلەتکراوە، وەکو بڵێی بە قامچی (لە ڕووی) دراوە ومۆر هەڵگەڕابوو، پیاوێکی ئەنساڕی هات، ئەمەی باسکرد بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ڕاستگۆیت، ئەمە یارمەتی بوو لە سێیەم ئاسمانەوە»، لەو ڕۆژەدا حەفتایان کوشت (لە موشریکەکان)، وحەفتایان بە دیل گرت، ئەبو زومەیل دەڵێت: ئیبن عەباس ووتی: کاتێک دیلەکانیان گرت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە ئەبوبەکر وعومەری ووت: «ڕاتان چییە سەبارەت بە دیلەکان؟»، ئەبوبەکر ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوانە کەسە نزیکەکانی ئێمەن، پێم باشە فیدیەیان (نرخێکیان) لێ وەربگریت بۆئەوەی هێزمان زیاتر بێت لەسەر کافرەکان، بەڵکو خوای گەورە هیدایەتیان بدات بۆ ئیسلام، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ڕای تۆ چییە ئەی ئیبن خەتاب؟»، ووتی: نەخێر، والله ئەی پێغەمبەری خودا، ڕای من وەکو ڕای ئەبوبەکر نییە، بەڵکو ڕام ئەوەیە کە ڕێگەمان پێبدەیت بدەین لە گەردنیان، ڕێگە بە عەلی بدەیت ئەویش لە گەردنی عەقیل بدات، وڕێگەی بە من بدەیت (لە گەردنی) فلان بدەم (کەسێکی نزیکی عومەر)، ئەوانە سەرکردە وگەورەکانی کافرەکانن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەی پێ باش بوو کە ئەبوبەکر ووتی، وقسەکەی منی پێ باش نەبوو، بەیانیەکەی هاتمەوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەکر دانیشتبوون دەگریان، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، پێم بڵێ لەسەر چی شتێک تۆ وهاوەڵەکەت دەگرین؟ هۆکارەکەم پێ بڵێ بۆئەوەی منیش بگریم، یان بە لایەنی کەمەوە وەکو ئێوە خۆم بهێنمە گریانەوە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «دەگریم سەبارەت بە ئەوەی پیشاندراوە سەبارەت بە هاوەڵانت لە وەرگرتنی فیدیە (نرخێک بەرامبەر ئازاد کردنی دیلەکان)، سزا دانی ئەوان بە من نیشاندرا نزیک لەم دارەوە -دارێک لە نزیکی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، وخوای گەورە (ئەم ئایەتەی) دابەزاند: {مَا كَانَ لِنَبِىٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسْرَىٰ حَتَّىٰ يُثْخِنَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنْيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (67) لَّوْلَا كِتَـٰبٌ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَآ أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ (68) فَكُلُوا۟ مِمَّا غَنِمْتُمْ حَلَـٰلًا طَيِّبًا ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (69)} [الأنفال] واتە:{بۆ هیچ پێغەمبەرێک ڕەوا نییە کە دیلی (لە دوژمنان) هەبێت و ڕایان بگرێت هەتا

کوشتاری زۆریان لێ نەکات ودەسەڵاتی نەچەسپێت لە زەویدا ئایا ئێوە ماڵی دونیاتان دەوێت (بە وەرگرتنی فیدیە)؟ (لەکاتێکدا) خوای گەورە (پاداشتی) ڕۆژی دوایی دەوێت (بۆ ئێوە) وە خوا بەتوانا و زاڵ و کار دروستە (67) ئەگەر نووسراو (و بڕیار)ێک لەلایەن خواوە پێش نەکەوتایە (کە حەڵاڵ بوونی دەستکەوت و غەنیمەتی جەنگە) بێگومان لەبەر ئەو (فیدیە) ی کە وەرتان گرت (لەبەرامبەر ئازادکردنی دیلەکاندا) تووشتان دەبوو سزایەکی گەورە (68) کەواتە بخۆن لەوەی کە بە غەنیمەت گرتان حەڵاڵ و پاکە وە لە خوا بترسن بەڕاستی خوا لێبووردە و میهرەبانە (69)}، بۆیە خوای گەورە دەستکەوتەکانی جەنگ (غەنیمەی) بۆیان حەڵاڵکرد».
*(واتە: خودایە؛ ئەوەی پەیمانت پێم داوە بۆمی جێبەجێ بکە ورووبدات، خودایە؛ ئەگەر ئەم کۆمەڵە مسوڵمانە (لەناوبچن، تۆ لەسەر زەوی ناپەرسترێیت
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لە ڕۆژی جەنگی بەدردا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەیری موشریکەکانی کرد هەزار کەس دەبوون، وهاوەڵانی سێ ونۆزدە پیاو بوون، چونکە مسوڵمانان کەمبوون بە بەراورد لەگەڵ موشریکەکان، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی کرد لە ئاراستەی قیبلە، ودەستی کرد بە نزا کردن ودەنگی بەرز کردەوە، ودەیفەرموو: (اللهمَّ أَنْجِزْ لي ما وعدْتَني، اللهم آتِ ما وعدْتَني، اللهمَّ إنْ تَهْلِكْ هذه العِصابةُ من أهْلِ الإسلام لا تُعْبَد في الأرض)*: واتا خودایە، ئەوەی پەیمانت پێم داوە جێبەجێی بکەم بۆم ومسوڵمانان سەربخە بەسەر کافرەکان؛ چونکە ئەگەر ئەم مسوڵمانانە لەناو بچن تۆ لەسەر زەوی ناپەرسترێیت، بەردەوام دەپاڕایەوە لە پەروەردگاری ودەستی درێژ کردبووەوە ورووی لە قیبلە بوو، هەتاوەکو جلەکەی (چارۆکەکەی یان بشتەکەی) لەسەر شانەکانی کەوتن، ئەبوبەکر هات وچارۆکەکەی هەڵگرت، وخستیە سەر شانی ولە پشتیەوە باوەشی پێدا کرد، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، بەسە زۆر پاڕایتەوە لە پەروەردگارت، ئەوەی پەیمانی پێداویت؛ بۆت جێبەجێ دەکات، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلۡفٖ مِّنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ مُرۡدِفِينَ} [الأنفال: 9] واتە:{(بیربکەنەوە) کاتێک (لە بەدردا) هاناتان بۆ پەروەردگارتان دەبرد خواش هات بە هاناتانەوە ووتی من دەینێرم بۆ یارمەتیان هەزار فریشتە بە دوای یەکدا (دێنە خوارێ)}. پاشان ئیبن عەباس باسی ئەوە دەکات: لەو ڕۆژەدا، کاتێک پیاوێکی مسوڵمانی ئەنساڕی شوێنی موشریکێک دەکەوت بۆئەوەی بیکوژێت، دەنگی لێدانی قامچی وسوارچاکێکی بیست لە سەرەوە، دەیووت: (بەرەو پێشەوە، حەیزوم)، سەیری موشریکەکەی کرد لە پێشیەوە کەوتبوو، وشوێنەواری قامچیەکەی بینی لەسەر ڕووی؛ لووتی شکێنرا بوو، ودەموچاوی لەتلەتکرا بوو، ڕووی مۆر هەڵگەڕابوو، ئەنساڕیەکە ئەمەی باسکرد بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەوەیە فریشتەیەکە لە فریشتەکانی ئاسمانی سێیەم هاتووە، وحەیزوم ناوی ئەسپی ئەو فریشتەیە، لەو ڕۆژەدا حەفتایان کوشت لە موشریکەکان، وحەفتایان بە دیل گرت. کاتێک دیلەکانیان گرت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە ئەبوبەکر وعومەری ووت: چی بکەین وڕاتان چییە سەبارەت بە دیلەکان؟، ئەبوبەکر ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوانە کەسە نزیکەکانی ئێمەن، پێم باشە فیدیەیان -نرخێکیان- لێ وەربگریت بۆئەوەی ئەم نرخە یارمەتیمان بدات وهێزمان زیاتر بێت بۆ جەنگان دژی کافرەکان، بەڵکو خوای گەورە هیدایەتیان بدات بۆ ئیسلام. عومەر ووتی: نەخێر، والله ئەی پێغەمبەری خودا، ڕازی نییم لەسەر ڕای ئەبوبەکر، بەڵکو ڕام ئەوەیە بیانکوژین و هەرکەسێکمان کەسی نزیکی خۆی بکوژێت لەو دیلە موشریکانە، چونکە ئەوانە سەرکردە وگەورەکانی کوفر وگومڕایین، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕای ئەبوبەکری پێ باش بوو، وڕای عومەری ڕەتکردەوە. بەیانیەکەی ئیمامی عومەر هاتەوە، بینی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئەبوبەکر دانیشتوون دەگرین، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، پێم بڵێ لەسەر چی شتێک تۆ وهاوەڵەکەت دەگرین؟ هۆکارەکەم پێ بڵێ بۆئەوەی منیش بگریم، یان بە لایەنی کەمەوە وەکو ئێوە خۆم بهێنمە گریانەوە وبەشدارتان بم، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە ئەو دەگری؛ چونکە خوای گەورە سزای ئەوانەی پیشانداوە کە وەرگرتنی فیدیەیان (نرخێک بەرامبەر ئازاد کردنی دیلەکانیان) قبوڵکردووە، وسزادانی ئەوان لە نزیکی دارێکە -پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی کرد بۆ دارێک لە نزیکیەوە، وخوای گەورە (ئەم ئایەتەی) دابەزاند: {مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ (67) لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ (68) فَكُلُواْ مِمَّا غَنِمۡتُمۡ حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (69)} [الأنفال] واتە:{بۆ هیچ پێغەمبەرێک ڕەوا نییە کە دیلی (لە دوژمنان) هەبێت و ڕایان بگرێت هەتا کوشتاری زۆریان لێ نەکات ودەسەڵاتی نەچەسپێت لە زەویدا ئایا ئێوە ماڵی دونیاتان دەوێت (بە وەرگرتنی فیدیە)؟ (لەکاتێکدا) خوای گەورە (پاداشتی) ڕۆژی دوایی دەوێت (بۆ ئێوە) وە خوا بەتوانا و زاڵ و کار دروستە (67) ئەگەر نووسراو (و بڕیار)ێک لەلایەن خواوە پێش نەکەوتایە (کە حەڵاڵ بوونی دەستکەوت و غەنیمەتی جەنگە) بێگومان لەبەر ئەو (فیدیە) ی کە وەرتان گرت (لەبەرامبەر ئازادکردنی

دیلەکاندا) تووشتان دەبوو سزایەکی گەورە (68) کەواتە بخۆن لەوەی کە بە غەنیمەت گرتان حەڵاڵ و پاکە وە لە خوا بترسن بەڕاستی خوا لێبووردە و میهرەبانە (69)}، واتا کاتێک مسوڵمانان جەنگان بەرامبەر کافرەکان؛ ئەوانەی دەیانەوێت نوری خودا -ئاینی ئیسلام- لەناو بچێت، نابێت ئەگەر دیلیان لێیان گرت پەلە بکەن لە وەرگرتنی فیدیە -نرخ- بەرامبەر ئازاد کردنیان، وئەمیش نرخێکی کەمە بەرامبەر بەرژەوەندی مەبەست ئەویش بریتیە لەناوبردنیان وکوژاندنەوەی شەڕ وخراپەیانە، ئەگەر خراپە وهێز وشەڕیان بەردەوام بێت؛ باشتر ئەوەیە بە دیلی نەمێننەوە وفیدیە وەرنەگیرێت بەڵکو دەستبەجی بکوژرێن، بەڵام ئەگەر هێز وخراپەیان کەمبوو وزیانیان کەم بوو بۆ سەر ئیسلام ومسوڵمانان؛ ئەوا لەم کاتەدا ئاساییە وەکو دیل بمێننەوە، پاشان خوای گەورە دەستکەوتەکانی جەنگ (غەنیمەی)** بۆ مسوڵمانان حەڵاڵکرد. *(واتە: خودایە؛ ئەوەی پەیمانت پێم داوە بۆمی جێبەجێ بکە وڕووبدات، خودایە؛ ئەگەر ئەم کۆمەڵە مسوڵمانە لەناوبچن، تۆ لەسەر زەوی ناپەرسترێیت)، **(دەستکەوتەکانی جەنگ -غەنیمە-: واتە ئەو کەرەستە وسامانەی کافرەکان کە مسوڵمانان دەستی بەسەر دەگرن پاش ئەوەی سەردەکەون بەسەریاندا لە پاش کۆتایی جەنگ)



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee